لەسەر ئەو بنەمایانە، من پاش شیکاریی و لێکدانەوە و زۆر گەڕان لە دوای چارەسەری درۆست، سەرەنجام بەو بۆچۆنە گەییشتم، کە پێویست دەکات وەک پیتەکانی تر، بۆ نمایشدانی درێژیی و جیاواز بۆنی دەنگی (وو) لە دەنگی (و)، دەبێت بۆ ئەو مەبەستە هێمای تری یەک-پارلە دابنرێت. ئاوا کە زانراوە، دەنگی (وو : ئوو) لە دەنگی ( و : وی ) درێژتر هەیە، لە دەنگی ( ۆ : ئۆ) نزمتر هەیە، لە دەنگی ( ۋ : ئۋ) تیژتر هەیە. کەۋاتە پێویست دەکات، نیشانەی سەر پیتەکە نمایشدانی درێژیی دەنگەکەی بێت. لە بارێکی ئاوا، پاش لەدواگەڕانی بەردەوام لەنێو خشتەکی پیتەکانی یونیکۆد، گونجاوترین هێما | پیت ( ۉ : ئۉ ) بۆ، کە هەم بتوانێت لەنێو ئاوەزی ئێمەی گەورە ساڵ ڕۆڵی (وو) نیشان بدات و وێنا بکات، هەم بۆ زارۆکانیش کە لە ئێستاوە نۆسین فێردەبن، ئاسانکارییەک بێت، هەم پیتێکی یەک-پارچەیە و گرفتی دۆ جار سڕینەوە نامێنێت و هەم لە باری جوان_نۆسییەوە واژەکان کورتتر و جوانتر نیشان دەدات.

ئاوا کە زانراوە، ئەرک و ڕۆڵی پیتە بزوێنەکان ئاسان کردنی قسەکردن و گوتنی واژەکان بۆوە و هەیە، بەوەی کە بەردەوامیی هەناسە لە کاتی قسەکردن مسۆگەر دەکەن و دەنگ بڕان ناهێڵن؛ سەختیی گوتنی واژەکان و دسەواژەکان لەنێودەبەن. لەسەر ئەو بنەمایە و ئەو پێویستییە، قرتاندنی (وو) لەبەر هاتنی پاشگری (وە) لە دوای، سەختیی گوتن و دەنگ بڕان دروستدەکات و هەر ئاواش نوسینی (وو) و قرتاندنی (و) بە هەمان شێوە سەختیی گوتن و دەنگ بڕان دروستدەکات، سەرەنجامیش شێواندنی هارمۆنیی زمان ڕۆدەدات. لەبەر ئەوە پێویست دەکات، ئێمە پێشتر گرفتەکانی (وو) دەستنیشان بکەین، شی بکەینەوە، لە بارەی ئەوان بەدواداچۆن بکەین، تاکو چارەسەر و ئەڵتەرناتیڤ بۆ (وو) بدۆزینەوە.

**<u>گرفتەکانی پیتی (وو)</u>**

- دەنگی پیتەکە وەک گرتنی [شەددە]، یان وەستان لەسەر پیتەکە نییە، تاکو دۆپاتی پیتەکە بنوسرێت.

- دەنگەکە دۆپات کردنەوەی دەنگێک نییە، تاکو بۆ دۆپات نوسینی پیتەکە پەنا ببرێت.

- لە کاتی هەڵەنوسین و سڕینەوەی پیتی (وو)، نوسەر بە دۆ جار سڕینەوەی پیتەکە ناچار بێت.

- لە باری جوان_نوسییەوە، (وو) نوسین جەنجاڵ و درێژتر و ناشیرین دەکات.

- کاتێک سێ (ووە) و چوار (ووووە) بنوسرێن، شیکاریی و جیاکردنەوەی واوەکان و بزوێنیی vowel و نەبزوێنیی consonant ئەوان ئاڵۆز دەکات.

- کاتێک لە (ووە ، ووووە) دۆوان لە ئەوان (وو) بقرتێندرێن و نەنوسرێن، یان یەکێک لە ئەوان (و) بقرتێندرێت و نەنوسرێت، لە کاتی خوێندنەوەی واژەکان لەنگیی و بڕانی دەنگ دروستدەکات.

- بێجگە لەوەش، کاتی ڕیفۆرم کردنی ئەو ئەلفابێتە "کورڤیی"یە هاتووە، کە سەد ساڵە هەیە، سەرەتا لەنێو حوجرەکان بە ئەلفابێتی عەرەبیی و فارسیی دەستپێکردۆوە و نیو سەدە زیاترە هەیە، کە بە شێوەی ئێستە هەیە و لە توانای نەبۆوە، گرفتی (وو) و لەنێوچۆنی دەنگی ژێرە (کەسرەی : ي) چارەسەر بکات. دۆ دەهەی ڕابوردۆ، کە بزۆتنەوەی کولتۆریی و ڕۆشنبیریی گێڕانەوەی زمانی هۆرامی* بۆ بواری خوێندن و نوسین و خوێندنەوە و پەیوەندییە تازە دیجیتاڵییەکان بەڕێکەوتۆوە، یەکێک لەو گرفتانە کە لەتەکی ڕۆبەڕۆ بۆوە و هەیە، هەمان گرفتی (وو) لەنێو زمانی هۆرامی وەک زمانە کوردییەکانی تر. بۆ من وەک نوسەرێکی سۆرانی-نوس و هۆرامی-نوس، چارەسەرکردنی گرفتی (وو) گرفتێکی بچۆک و شیاوی لەبەرچاو نەگرتن نییە ، بەڵکو یەکێکە لەو گرفتانە، کە کاریی فراوان لەسەر بارە ڕێزمانییەکان و هەر ئاوایش لەسەر ڕێنوس دادەنێت.

**<u>ئەی چارەسەر؟</u>**

پێش ئەوەی بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانی پیتی (وو) هەنگاو بنێین، لەوانەیە باشتر بێت، سەرەتا گرفتەکانی شی بکەینەوە:

**- دەنگی پیتەکە وەک گرتنی [شەددەی]، یان وەستان لەسەرپیتەکە نییە.**

ئەگەر دەنگێک کە پیتی (وو) نماییشی دەکات، وەک دەنگی ( ماددە، ..تد) جۆرە گرتن و وەستانێکی لەنێو هەبۆوایە، ئاسایی بۆ، کە بە پیتێکی دۆبارە نماییش بدرێت، هەڵبەتە ئەگەر پاش دۆپات-بۆنەکەی، پیتە بزوێنی تر نەهاتبا، یان پیتی بڕگەی دواتری واژەکە هەمان پیت (کردووە ، کەرووە) نەبۆوایە.

**- دەنگەکە دۆپات کردنەوەی دەنگێک نییە.**

ئەگەر دەنگێک کە پیتی (وو) نماییشی دەکات، وەک دەنگی ( ددان ، گوللە ، کوللە ، شش، شەڵڵای، بەرەڵڵا...تد) دۆپات بۆوایە، دەکرا بە جۆت (وو) نوسرابۆوایە، هەرچەند لەتەک ئەوەش دیسان پیتی (وو) گرفتساز هەیە و دەمێنێتەوە، کاتێک کە پیتی بزوێنی تر لە دوای بێت، نمونە (ە)، بۆنی تاک (و) وەک پیتی نەبزوێن پێویست هەیە، تاکو گرفتی نەگونجانی پێکەوە هاتنی (وو-ە) وەک دۆ پیتە بزوێن چارەسەر بکات.

**- لە کاتی هەڵەنۆسین و سڕینەوەی پیتی (وو)، نۆسەر بە دۆ جار سڕینەوە ناچار دەبێت.**

کات و وزە بە فیڕۆ دەدرێت و هەڵە کردن ڕۆدەدات؛ کات و وزە بەفیڕۆدان بۆ شتێک کە دەکرێت ئاوا نەبێت، پێویست نییە. بێجگە لەوە، دۆ پارچەپی ئەو پیتە (وو) هیچ بیانۆ و بەڵگەیەکی زانستیی نییە، بەتایبەت لەم سەردەمەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و تەکنیکی نۆسین و کیبۆردی ئەلەکترۆنیی و تاچ-سکرین. ئەم سەردەمە سەردەمی خێرایی نۆسین و گەیاندنی زانیارییەکانە لە ماوەی چاوترۆکانێک، ئیتر سەردەمی پەڕ-نۆسین و قامیش-نۆیسین و قەڵەم-نۆسین بەسەرچووە و نۆسین دیجیتاڵیزە بۆوە و لەتەک ئەوەش پیت و هێما و ئاماژەکانیش دیجیتاڵیزە بۆن و گرفت و کەمییەکانی سەردەمی تایپکردنی پیتچنەکان نەماون.

**- لە باری جوان_نۆسییەوە، (وو) نۆسین جەنجاڵ و درێژتر و ناشیرین دەکات.**

لە باری جوان-نۆسیی و کورت و پوخت نۆسینەوە، (وو) جەنجاڵیی و درێژیی و ناشیرینیی نۆسین درۆستدەکات، بەتایبەت کاتێک کە پیتی تاک (و) لەپێش و دوای بێت. ئیتر دەبێت بە قەتارەی واوان (وووە | ووووە) و دۆ جار نۆسین و سێ جار سڕینەوەی پیتێک سەختیی درۆستدەکات، بەتایبەت بۆ زارۆکان، کە هێشتا دەبێت نۆسین فێربن و گشت ڕۆژێک بە نۆسین و دیکتەکردنی پیتەکان چەند لاپەڕەیەک ڕەش بکەنەوە.

**- کاتێک سێ (وووە ) و چوار (ووووە ) بنۆسرێن، شیکاریی و جیاکردنەوەی واوەکان و بزوێنیی و نەبزوێنیی ئەوان قورستر دەکات.**

لەوانەیە جیا کردنەوەی (وو) و (و) لە کاتی پێکەوە هاتنی (وووە) و (ووووە) بۆ گەورە ساڵێک کە شارەزایی زمانەوانیی هەبێت، ئاسان بێت و نۆسینیشی ئاسان بێت. هەرچەند ئێستە ئیتر وەک بۆ نۆسەران و ڕۆژنامەنۆسان، بۆ زۆربەی کەسە تەمەن گەورەکان دەستنۆس وەک بۆ زارۆکان گرفت نییە، چۆنکە گشت کەس بە ئامرازە دیجیتاڵییەکان دەنۆسێت. بەڵام بۆ فێرخوازانی قۆناخی خوێندنی بنەڕەتیی و تەنانەت خوێندنی نێوەندییش سەختیی و ئاڵۆزبۆن و سەرلێشێوان درۆستدەکات.

**- کاتێک لە (وووە ، ووووە ) دۆوان لە ئەوان (وو) بقرتێندرێن و نەنۆسرێن، یان یەکێک لە ئەوان (و) بقرتێندرێت و نەنۆسرێت، لە کاتی گوتن و خوێندنەوەی واژەکان لاسەنگیی درۆستدەکات.**

لەنێو ئەدەبیاتی هۆرامی و سۆرانی پیتی (وو) نمایشدەری دەنگی [واوێکی دەنگ درێژ و تیژ] بۆوە و هەیە، کە ڕادەی کەم لەنێو ئاخاوتنی زمانی هۆرامی و زمانی سۆرانی بوونی هەیە و تاکو ئێستە بۆ هێماسازیی ئەو دەنگە (وو) بەکاربراوە و دەبرێت. گرفتی بەکاربردنی جۆت واو (وو) بۆ ئەو دەنگە لەنێو نۆسینی زمانی هۆرامی و سۆرانی زۆربەی بارە ڕێزمانییەکان یەخەگیری نۆسەر و خوێنەر دەبێت؛ بەتایبەت لە باری کردار و ناو.

لەنێو زمانی سۆرانی، کە ڕادەی کەم لە سەرەتای سەدەی پێشین تاکو ئێستە زمانی خوێندن و نۆسین و میدیا و ڕامیاریی و ... بۆوە و دەیان و سەدان بەدواداچۆنی زمانەوانیی لە بارەی ئەلفابێت و ڕێزمان و ڕێنۆسی کراون، پاش دیجیتاڵیزەبۆنی زمانی سۆرانی**، گرفتەکانی (وو) هەر وەک خۆیان ماونەتەوە و گرفتەکانی بۆ نێو نۆسینی هۆرامیش هاتۆن؛ ئاوا کە ئاماژەمدا گرفتی ناچاریی دۆ جار سڕینەوەشی بۆ زیاد بۆوە. بەداخەوە، زمانناسانی ئەم سەردەمە لەجیاتی ناسینی گرفتەکان و چارەسەرکردنیان، بۆ «لەتکردنی» یان قرتاندنی هێمای دەنگەکە [وو] پەنایان بردۆوە، کە شتێکی هەڵە بۆوە و هەیە و هەڵەی تریش لە دوای خۆی درۆستدەکات و دەهێنێت. بە هەمان شێوە نۆسینی (وو) بە تاک (و) یان نۆسینی (ووو) بە یەک (و) وەک ڕێنۆسی زمانی فارسی، کۆمەڵێک مەتەڵ و (ئەگەر و مەگەر) درۆستدەکات، کە سەرەنجام بە سەرلێشێواندن و جەنجاڵ کردنی مۆشی زارۆکان بە شتێکەوە کۆتایی دێت، کە دەکرێت بە شێوەیەکی ئاسانتر چارەسەر بکرێت، ئاوا پێشینان گوتۆیانە "گرێیەک بە دەست دەکرێتەوە، مەیخەرە ددان".

<u>**گرفتەکانی (وو) لەنێو زمانی هۆرامی**</u>

گرفتە ڕێزمانییەکان، ئەوەی کە سرۆشتی زمانی هۆرامی وەک زمانە کوردییەکانی تر*** پێکەوە هاتنی دۆ پیتی بزوێن (vowels) بوار نادات و ئەگەر پێکەوە بێن، ناچار یەکێک لە بزوێنەکان دەگۆڕێت بە پیتێکی نەبزوێن (consonant) نمۆنە :

( ڕۆ – ڕۆەکە| ڕوەکە ) ، ( لۆ – لۆەکە| لوەکە ) ، ( دۆ – دۆەکە| دوەکە ) ، ( چۆ – چۆەکە | چوەکە ) ،...تد. لەنێو دیالێکت و بنەدیالێکتە میانییەکانی زمانی هۆرامی گرفتی پێکەوە هاتنی سێ واو (ووو) بوونی نییە . ئەو گرفتە بەس لەنێو دیالێکت و بنەدیالێکتە سنۆرییەکانی هۆرامان،

یان لەنێو دیالێکتە هۆرامییەکانی دەرەوەی هۆرامان بوونی هەیە، کە لەژێر کارایی زمانی هۆنراوەی هۆنەرە زمان-ناهۆرامییەکان و کارایی زمانی سۆرانی وەک هاوسێ و خوێندن بە زمانی عەرەبی و فارسی دەنگی (ڤ) لەنێوچۆوە و گۆڕدراوە بە (و) و پیتی (و) وەک لەنێو زمانی سۆرانی و کەلهوڕیی بە دۆ ڕۆڵ بەکاربراوە. بەڵام لەنێو ئەو  ناوچانەی کە دەنگی (ڤ) دەگۆڕێت بە (ڤ) و ئەو  ناوچانەی کە  دەنگی (ڤ) دەگۆڕێت بە (و)، هێشتا جۆرێک لە مانی (ڤ+ڤ | ڤ+و) بەر گوێ دەکەوێت، ئەگەر بە مەستەڤەریی زمانیی چۆنیەتی گوتنی واژەکان ببیستین:

ڕڤ – ڕڤڤەکە – ڕڤڤانە

ڕڤ – ڕڤوەکە – ڕڤوانە

ڕڤ – ڕڤەکە – ڕڤانە | ڕڤ – ڕوەکە – ڕوانە

گرفتەکانی (وو)، کاتێک پاشگری (وە) لە دوای (وو) بێت، دەبێت بە (ووە) بنۆسرێن (موو - مووەکە)، کە بێجگە ناشیرینی (ووو)، بۆ کەسی نەشارەزا سەرلێشێوان درۆستدەکات، کە کام (ووو) پیتێکی نەبزوێن هەیە و کام پیتێکی بزوێن هەیە، یەکەم ، دوەم یان سێیەم، لەبەر چی؟یان لەوێدا دەبێت چەند واو بنۆسرێن؛ یەک، دۆ، یان سێ؟

هەرچەندە زمانی هۆرامی **** بەتایبەت زاراوەی (دیالێکتی) لهۆنی بەگوێرەی پارێزراویی و کەمیی کارایی زمانەکانی دەوروبەر لە سەر ئەو، ئەو میکانیزمە خۆکردە زمانییەی هەیە و ماوە، کە هاتنی دەنگێکی (بزوێن) لە دوای بزوێنێکی تر، دەنگی بزوێنێکیان دەگۆڕێت بە (نەبزوێن). بەڵام لەتەک ئەوەش، ئەگەر ئێمە نۆسەرانی هۆرامی-زمان بە هەمان شێوازی ڕێنۆسی فارسی بنۆسین، بۆ گەوران و گچکان بەتایبەت بۆ فێرخوازانی قۆناخی خوێندنی بنەڕەتیی [مەتەڵ] درۆست دەکەین و ئەگەر بە هەمان شێوازی ڕێنۆسی سۆرانی بنۆسین، سەرباری بۆنی ئەو  میکانیزمە خۆکردەیشە، نۆسینی دەنگی (ئوو) بە (وو) گرفتی تر درۆستدەکات.

<u>نمۆنە</u>: بارەکانی کرداری (**ئەژنەڤیەی**) بۆ یەکەم کەسی تاک (قسەکەری)

| دیالێکتی لهۆنیی | دیالێکتە مەرزییەکان | هاوو اتای سۆرانی | چارەسەری (وو)<br>دیالێکتی لهۆنیی | چارەسەری (وو)<br>دیالێکتە مەرزییەکان |
|---|---|---|---|---|
| من مژ۟نە۟ڤوو<br>Mn mẐneṾẅ | من مژ۟نە۟ووو<br>Mn mẐnewẅ | من دەبیستم | من مژنەڤۆ<br>Mn mẐneṾẅ | من مژنەوۆ<br>Mn mẐnewẅ |
| من مژ۟نە۟ڤوو۟ڤە<br>Mn mẐneṾẅṾe | من مژ۟نە۟و۟وو۟وە<br>Mn mẐnewẅwe | من دەبیستمەوە | من مژنەڤۆڤە<br>Mn mẐneṾẅṾe | من مژنەوۆوە<br>Mn mẐnewẅwe |
| من مەژ۟نە۟ڤوو<br>Mn meẐneṾẅ | من مەژ۟نە۟ووو<br>Mn meẐnewẅ | من نابیستم | من مەژنەڤۆ<br>Mn meẐneṾẅ | من مەژنەوۆ<br>Mn meẐnewẅ |
| من مەژ۟نە۟ڤوو۟ڤە<br>Mn meẐneṾẅṾe | من مەژ۟نە۟ووو۟وە<br>Mn meẐnewẅwe | من نابیستمەوە | من مەژنەڤۆڤە<br>Mn meẐneṾẅṾe | من مەژنەوۆوە<br>Mn meẐnewẅwe |
| من بژ۟نە۟ڤوو<br>Mn bẐneṾẅ | من بژنەووو<br>Mn bẐnewẅ | من ببیستم | من بژنەڤۆ<br>Mn bẐneṾẅ | من بژنەوۆ<br>Mn bẐnewẅ |
| من بژ۟نە۟ڤوو۟ڤە<br>Mn bẐneṾẅṾe | من بژ۟نە۟ووو۟وە<br>Mn bẐnewẅwe | من ببیستمەوە | من بژنەڤۆڤە<br>Mn bẐneṾẅṾe | من بژنەوۆوە<br>Mn bẐnewẅwe |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| من نەژ٫نە٫ڤوو<br>Mn neẐneVẅ | من نەژ٫نە٫ووو<br>Mn neẐnewẅ | من نەبیستم | من نەژنەڤۆ<br>Mn neẐneVẅ | من نەژنەوۆ<br>Mn neẐnewẅ |
| من نەژ٫نە٫ڤوو٫ڤە<br>Mn neẐneVẅVe | من نەژ٫نە٫ووو٫وە<br>Mn neẐnewẅwe | من نەبیستمەوە | من نەژنەڤۆڤە<br>Mn neẐneVẅVe | من نەژنەوۆوە<br>Mn neẐnewẅwe |
| سەرنج [٣] : لەنێوان پیتەکانی بڕگەی سەرەتای واژە کە بە دۆ پیتی نەبزوێن دەستپێدەکەن، دەنگی ژێرە (ۑ : I ) هەبۆوە و لەنێوچۆوە و هێشتا هەستپێدەکرێت و فەوتانی لەنگیی دەنگی درۆستکردۆوە. | | | | |

لەسەر ئەو بنەما ڕێزمانییە نزیکەی گشت کردارە هۆرامییەکان لە باری ڕانەبوردۆ و داهاتۆ بۆ یەکەم کەسی تاک [قسەکەر] ئەو گرفتانەیان هەیە و بەو جۆرە هەن و گرفتی (وو) کاتێک گەورەتر دەبێتەوە، کە ئەو کردارانە بە دیالێکتە سنۆرییەکان، یان دەرەکییەکانی زمانی هۆرامی بنۆسین، کە دەنگی|پیتی (ڤ) لەنێو قسەکردنی ئەوان نەماوە و لەجیاتی (ڤ: ڤی) ئەوان (و: وی)دەڵێن و بەکاردەبەن.

بەو جۆرەی کە دەردەکەوێت، لە باری کرداری ڕانەبوردۆ سێ (ووو) ڕیز دەبن و لە باری کرداری داهاتۆ چوار (وووو) ڕیز دەبن. ئیتر با ناشیرینیی نۆسینەکە لەو لاوە بوەستێت، کە چاوی خوێنەر لێڵ دەکات و لە ئەو سەر تێکدەدات.

ئەگەر لەو بارەدا، لەنێو ڕێنۆسی هۆرامیی دیالێکتە سنۆرییەکان، وەک چارەسەرکەی ئێستەی ڕێنۆسی سۆرانی پیتی (وو) بقرتێندرێت، باری کرداری ڕانەبوردۆ و داهاتۆ بۆ یەکەم کەسی تاک گرفت درۆستدەبێت، کە لە باری کرداری ڕانەبوردۆی سادە گۆڕانی واتای واژەکان درۆستدەکات و لە باری کرداریی داهاتۆ سەختیی گوتن و خوێندنەوەی واژەکان درۆستدەکات .

شێوانی چۆنیەتی گوتنی واژەکان بە قرتاندنی دەنگی پیتی (وو)

| باری قرتاندنی وو دیالێکتی لهۆنیی | باری قرتاندنی وو دیالێکتە مەرزییەکان |
|---|---|
| من مژنەڤ_[١] | من مژنەو_[١] |
| من مژنەڤ_وە[٢] | من مژنەو_وە[٢] |
| من مەژنەڤ_[١] | من مەژنەو_[١] |
| من مەژنەڤ_وە[٢] | من مەژنەو_وە[٢] |
| من بژنەڤ_[١] | من بژنەو_[١] |
| من بژنەڤ_وە[٢] | من بژنەو_وە[٢] |
| من نەژنەڤ_[١] | من نەژنەو_[١] |
| من نەژنەڤ_وە[٢] | من نەژنەو_وە[٢] |

ئایا هیچ کەس هەیە، لەنێو بارانە [١]، [٢] بە قرتاندنی (وو)، واژەکان بە درۆستی و ئاسانی و ڕەوان بڵێت و بخوێنێتەوە و لە واتای ئەوان تێبگات؟

بە قرتاندنی دەنگێک کە سەدان و هەزاران ساڵە هەیە، قسەکردنێک کە خەڵک لەتەکی ڕاهاتۆوە و نەوە بە نەوەی گەیاندۆوە، دۆ شت ڕۆدەدەن:

١. ئاوا کە زانراوە، لە سەرەتای بڕگە گوتنی دەنگی بزوێن|پیتی بزوێن ئەستەم هەیە و بۆ گۆکردنی بۆنی پیتێکی نەبزوێن پێویست دەبێت، ئەگەر نا بەبێ بۆنی پیتی نەبزوێن لە سەرەتای بڕگە، دەنگی پیتی بزوێن گۆ ناکرێت و دەفەوتێت؛ ئەم دەنگانە|ئەم پیتانە ( ا ، ۊ ، ۆ ، ۏ=وو ، ە ، ێ ، ۑ) کە پیتی تەواو بزوێن هەن و وەک ( و ، ی ) دۆ ڕۆڵ نین، هەردەم لەنێو بڕگە دەکەونە پاش دەنگی یەکەمی | پیتی یەکەمی بڕگە. کاتێک کە وەک

چارەسەرکردنی قەتارەی واوان یەکێک یان دۆ لە (وووە، وووەوە) بقرتێندرێن، پێکەوە هاتنی دۆ پیتی بزوێن ڕۆدەدات، کە ئەویش نەگونجاوە و پێکەوە گۆکردنیان لە توانای هیچ کەسێک نییە.

٢. فەوتانی  دەنگێک لەنێو واژەیەک گۆڕانی زمان درۆستدەکات. ئەوەش لەژێر کارایی زمانەکان لەسەر یەکتر ڕۆدەدات و لەو ناوچانەی کە زمانەکان تێکەڵ دەبن و بنە-دیالێکتێک یان دیالێکتێکی تر درۆست دەبێت، کە تایبەتمەندی هەر دۆ زمانەکە لە خۆی دەگرێت ؛ نمۆنە ئەم واژانە کە لە بنەڕەتدا [مژنەڤووڤە : مژ۰نە۰ڤوو۰ڤە  cc.cv.cv.cv] و لە ناوچە سنۆرییەکانی زمانی هۆرامی بەرە بەرە تاکو زیاتر بەرەو زمانی هاوسێ ڕۆیشتۆوە، ئاوای بەسەر هاتووە [ مژنەوووە : مژ۰نە۰ووو۰وە  cc.cv.cv.cv] و سەرەنجام [ مژنەو_وە : مژ۰نەو۰_۰وە  cc.cvc.cv]. پاش ئەوەی کە دەنگی یەکەمی بڕگەی سێیەم (ڤ) گۆڕدراوە لەنێوچۆوە، دەنگی دۆوەمی بڕگە سێیەم کە (وو) هەیە، وەک دەنگێکی بزوێن لەتەک پیتە بزوێنەکەی پێش خۆی گوتنی سەخت بۆوە و ناچار گۆڕدراوە بە دەنگی (و)، کە دەنگێکی | پیتێکی دۆ ڕۆڵە بزوێن|نەبزوێنی هەیە. بێجگە لە فەوتان و گۆڕینی دەنگەکان، پێکهاتەی بڕگەکانیش گۆڕدراوە؛ بڕگەی دوەم و سێیەم کە لە بنەڕەتدا [۰نە۰ڤوو۰] و هەنگاو بە هەنگاو بەگوێرەی دۆرکەوتنەوەی گۆڕدراوە بە [۰نە۰ووو] و سەرەنجام بە [۰نەو۰_].

هەڵبەتە ڕەوتی ئەو  گۆڕان و لەنێوچۆنە بە ئەوەندە کۆتایی نەهاتۆوە و نایێت و لەتەک تێپەڕینی ڕۆژگار و زیادبۆنی کارایی زمانی سۆرانی و فارسی لەسەر هۆرامی-زمانەکان لە ڕێگەی سیستەمی خوێندن و میدیای دیجیتاڵ کە لە ئێستا سەرتاپای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی داگرتۆوە، دەنگی تر دەگۆڕدرێن و لەنێودەچن، کە هەر ئێستە لەبەر ترنجاندنی نۆسینی زمانی هۆرامی لەنێو قاڵبی ئەلفابێتی زمانی سۆرانی و لەپاڵ ئەویش بە هەڵە بەکاربردنی ئەم دۆ پیتە ( ئۆ: ۆ ، یێ : ێ ) لەجیاتی دەنگی بورە و ژێرە (ئۆ : ۆ ، یی : ی ) سەدان ناو و نیوەی کردارە هۆرامییەکان لە گشت بارە ڕێزمانییەکان دەکەونە بەردەم مەتەرسی گۆڕان و تێکەڵبۆن و لەنێوچۆن، چۆنکە هەڵە نۆسین و هەڵە خوێندنەوە، هەڵە گوتنیش درۆستدەکات.

لە بارەی چۆنیەتی گۆڕان و هەڵە گۆڕانی قسەکەرانی زمانێک، سەرنجدانی قسەکردنی گەنجەکان لە دۆ دەیەی ڕابوردۆ باشترین و زیندۆترین و نزیکترین نمۆنە هەیە، کە لەنێو شارەکان بە تایبەت شارە سۆرانی-زمانەکان گەنجەکان وەک لاساییکردنەوە و چاوبڕین لە گەنجە سۆرانی-زمانەکانی ئۆرۆپا قسەکردنی زۆربەی گەنجەکانی هەرێم گۆڕدراوە، کە ئەوان لەژێر کارایی زمانەکانی ئۆرۆپا زمانیماڵیی (دایکیی) خۆیان درۆست نازانن و بە جۆرێکی شێوە گوتنی ئینگلیزی یان زمانەکانی تری ئۆروپا قسەدەکەن. هەڵبەتە لە سەرتاسەری جیهان نمۆنەی لەو جۆرە زۆر هەن؛ عەرەبیی قسەکردنی جەزائیرییەکان، تونسییەکان، لوبنانییەکان لەژێر کارایی سەپاندنی زمانی داگیرکەری فەرەنسیی و لاساییکردنەوەی ئەو گەنجانەی کە لە فەرەنسە دەژین، یان گۆڕینی قسەکردنی گەنجە فارسەکان لەژێر کارایی لاساییکردنەوەی ئەو گەنجە ئێرانییانەی کە لە ئەمەریکا دەژین و زمانی یەکەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوان ئینگلیزی هەیە، ...تد. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین، خۆشبەختانە هێشتا ئەو  کارایییە نەرێنییە بۆ سەر زمانی هۆرامی نەگەیشتۆوە.

ئەگەر نۆسین و ڕێنۆسی هۆرامی ڕەدۆی شوێنپێی چارەسەرکەی نۆسین و ڕێنۆسی زمانی سۆرانی بکەوێت، سەرەنجامەکەی ئەوە دەردەچێت، کە لەنێو ئەو نمۆنانە  دەردەکەوێت :

| دیالێکتو لهۆنی | دیالێکتە مەرزییەکان  ز. هۆرامی | سەرەنجامو قرتاندنی (وو) |
| --- | --- | --- |
| مژنەڤووڤە cc.cv.cv.cv | مژنەوووە[١] cc.cv.cv.cv | مژنەوە مژنەوە[٣] cc.cv.cv |
| مەژنەڤووڤە cvc.cv.cv.cv | مەژنەوووە[١] cvc.cv.cv.cv | مەژنەوە مەژنەوە[٢] cvc.cv.cv |
| بژنەڤووڤە cc.cv.cv.cv | بژنەوووە[١] cc.cv.cv.cv | بژنەوە بژنەوە[٢] cc.cv.cv |
| نەژنەڤووڤە cvc.cv.cv.cv | نەژنەوووە[١] cvc.cv.cv.cv | نەژنەوە نەژنەوە[٣] cvc.cv.cv |

ئەگەر بەوردیی ئەو خشتەکە سەنج بدەین، بەتایبەت ستۆنی سێیەم، بێجگە لەوەی، کە لەنێو دیالێکتە سنۆرییەکان قەتارەی (ووو) دروستدەبێت، لە باری قرتاندنی (وو) واتای کردارەکانیش دەگۆڕێت و لە کەسی یەکەمی تاکەوە (مژنەوووە، مەژنەوووە، بژنەوووە، نەژنەوووە[١]) بۆ کەسی دوەمی تاک ( مەژنەوە، بژنەوە[٢] ) دەگۆڕدرێن و تەنانەت کردارەکان بیواتاش دەبن (مژنەوە [٣] ، نەژنەوە [٣] ).

کورت و پوخت، لەنێو زمانی هۆرامی پیتی (وو) لە کرداری ڕانەبوردۆ و داهاتۆ بۆ یەکەم کەسی تاک و کۆمەڵێک واژەی (ناوی) تر گرفت دروستدەکات، نمۆنە:

موو cv - موووەکی cv cv cv ، مووان cv cvc ، شوو cv – شوووەکی cv cv cv ، شوووانە cv cv cv ، ڕوووە cv cv – ڕوووەکی cv cv cv ، پووەڵت cv cvcc ، پووواز cv cvc ، ئارەزوو cv cv cv -ئارەزوووی cv cv cv cv، ئاۆەڕوو cv cv cv - بیئاۆەڕوووی cv cv cv cv cv، چەڵتاۆەڕوووی cvc cv cv cv cv، ..تد.

مۆوەکی ، مۆوان ، شۆوەکی ، شۆوانە ، ڕۆوەکی ، پۆوەڵت ، پۆواز، ئارەزۆوی ، ئاۆەڕۆوی ، بیئاۆەڕۆوی ، چەڵتاۆەڕۆوی، ...تد

لەبەر ئەوە تاکە چارەسەر گۆڕانی هێمای پیتەکە هەیە، نەک قرتاندنی، یان گۆڕینی بە (و) وەک ڕێنۆسی زمانی فارسی. قرتاندنی لەنگیی خوێندنەوە و گوتن دروستدەکات، نۆسینی بە تاک (و) وەک زمانی فارسی، تێگەیینی بارە ڕێزمانییەکان بۆ زارۆکان و تەنانەت گەورانیش سەخت دەکات، کە شارەزایی زمانەوانییان نییە، دەکات بە مەتەڵ و بۆ هەڵهێنانی ئەو مەتەڵانەش چەندین ( ئەگەر) و (مەگەر) پێویست دەبن ، تاکو ڕۆشن بکرێتەوە؛ لە کوێ بە (واوی درێژ) دەخوێندرێتەوە، لە کوێ بە (واوی کورت) دەخوێندرێتەوە؛ لە کوێ (و) پیتێکی بزوێن هەیە و لە کوێ پیتێکی نەبزوێن هەیە، کە ئەوەش وەک نیشاندانی گوێی چەپ دەردەچێت، کاتێک کەسێک بە دەسی ڕاستی و لە پشت ملیەوە بۆ نیشاندانی گوێی چەپی خۆی پەنا ببات؛ ئاوا کە پێشینان گوتۆیانە " گرێیەک کە بە دەست دەکرێتەوە، مەیخەرە ددان".

<u>**گرفتەکانی (وو) لەنێو زمانی سۆرانی**</u>

بە هەمان شێوە لەنێو سرۆشتی (زمانی سۆرانی)یش وەک زۆربەی زمانە کوردییەکانی تر، پێکەوە هاتنی دۆ دەنگی | پیتی بزوێن ناگونجێت، بەڵام لەبەر ئەوەی (ئوو) بە دۆ (وو) هێما کراوە، سەرەتا ناچار (و)ی پاش ئەو دەنگە قرتێندراوە، کە تاک (و) هەیە و لەوێدا ڕۆڵی پیتی نەبزوێنی هەیە:
ووە = [وو : پیتی بزوێن] – [ و : پیتی نەبزوێن]- [ ە : پیتی بزوێن] .

سەرەتا هەر ئاوا، کە لەنێو ئەلفابێت و ڕێنۆسی سۆرانی، پیتەکانی (ۆ) ، (ە) ، (ێ) و ..تد نەبۆن****، هەر ئاوایش گشت واوەکان بە یەک (و) نۆسراون و ئەوەش لەژێر کارایی ڕێنۆسی زمانی عەرەبی و فارسی بۆوە. لەو بارەدا لە سێ (ووو) بەس یەک (و) نۆسراوە، واتا دەنگی (وو) هێماسازیی نەکراوە و ڕێنۆسێکی هەڵە بۆوە. دواتر پیتی (وو) زیاد کراوە و تاکو سەرەتای هەزارەی دوەمیش، لەنێو ڕێنۆسی سۆرانی، سەرەڕای نادرۆستیی پرسەکە، ئاوا باو بۆ، کە ئەگەر لە کۆتایی واژە، (وە) لە دوای (وو) هاتبا، یەکێک لە (ووو) دەقرتێندرا و بە (ووە) دەنۆسرا. لەو بارەدا تاک (و) وەک پیتێکی نەبزوێن لادەبردرا و بە لابردنی (و) دۆ پیتی بزوێن لە پاڵ یەکتر دەهاتن. بەڵام بە گوتنی سێ دەنگ دەبیستران (وو+و) : دانیشتوووە = دانیشتوو + وە = cv cvc cv cv ، دانیشتوووان = دانیشتوو + وان = cv cvc cv cvc بە واتایەکی تر ڕێنۆسەکەی دوەمیش هەڵە بۆ.

بۆ زیاتر ڕۆشن بۆنەوەی گرفتەکان، با بە چەند نمۆنەیەک گرفتەکان و سەخت بۆنی گوتن و نەگونجانی قرتاندنی دەنگەکان|پیتەکان سەرنج بدەین:

| واژە بنچینەییەکان | برگەبەندیی و پێکهاتەی واژە | قرتاندنی [و] و پێکهاتەی واژە | قرتاندنی [ وو] و پێکهاتەی واژە |
|---|---|---|---|
| کردوووە krdẅwe | کر۰دوو۰وە kr۰dẅ۰we<br>cc cv cv | کر ۰ دوو۰ _ە<br>cc cv _v | کر ۰ د_۰وە<br>cc c_ cv |
| بردوووە brdẅwe | بر۰دوو۰وە br۰dẅ۰we<br>cc cv cv | بر ۰ دوو۰ _ە<br>cc cv _v | بر۰د_۰وە<br>cc c_ cv |

| | | | |
|---|---|---|---|
| kuŝtẅwe کوشتووووە | kuŝ.tẅ.we کوشەتووەوە<br>cvc cv cv | کوش ە تووە ـە<br>cvc cv _v | کوشەتـ_ەوە<br>cvc c_ cv |
| çẅwe چووووە | çẅ.we چووەوە<br>cv cv | چووە ـە<br>cv _v | چ ەوە<br>c_ cv |
| mrdẅwe مردووووە | mr.dẅ.we مرەدووەوە<br>cc cv cv | مر ە دووە ـە<br>cc cv _v | مرەد_ەوە<br>cc c_ cv |

سەرنج [٣] : لەنێوان پیتەکانی بڕگەی سەرەتای واژە کە بە دۆ پیتی نەبزوێن دەستپێدەکەن، دەنگی ژێرە (ي : I ) هەبۆوە و لەنێوچۆوە و مێشتا هەستپێدەکرێت و فەوتانی لەنگیی دەنگی دروستکردۆوە.

زمانزانەکان سەرەتا لە نیوەی دۆوەمی سەدەی ڕابوردۆ بەو جۆرە گرفتەکەیان چارەسەر کردۆوە، (و: وی) پێش دوایین پیت (ە) کە پیتێکی نەبزوێن هەیە، قرتاندۆوە، یان پەڕاندۆوە [مر ە دووە ـە] و نەنۆسیوە. بەڵام لە ماوەی دۆ دەیەی کۆتایی زمانزانەکان لەجیاتی ئەوەی گرفتە چارەسەر بکەن، گرفتێکی تریشیان قوت کردۆوەتەوە، کە قرتاندنی پیتی (وو) و گەڕاندنەوەی (و) سێیەم، کە پێشتر لە نیوەی دۆوەمی سەدەی پێشین پیتەکەیان قرتاندبۆ، دیسان بە چارەسەرکەی دۆ دەیەی پێشینیش وەستانێکی نادرۆست لە جێگەی لابردنی پیتی (وو) درۆست بۆوە، کە بە تاک پیت بۆنی بڕگەی یەکەم یان دوەم گوتنی واژەکان لاسەنگ دەکات و گوتنیشی بەو جۆرە ئاسان و خۆش هارمۆنی نییە :

| ڕێنۆسی کۆن | ڕێنۆسی تازە | چارەسەر | بڕگەبەندیی | جۆری دەنگ\|پیت |
|---|---|---|---|---|
| کرەدووە ـە cc cv _v | کرەد_ەوە cc c_ cv | کردۆوە | کر ە دۆەوە | cc cv cv |
| برەدووـ ە cc cv _v | برەد_ەوە cc c_ cv | بردۆوە | بر ە دۆەوە | cc cv cv |
| کوشەتووە ـە cvc cv _v | کوشەتـ_ەوە cvc c_ cv | کوشتۆوە | کوشـ ە تۆەوە | cvc cv cv |
| چووە ـە cv _v | چـ_ەو ە c_ cv | چۆوە | چۆە وە | cv cv |
| مرەدووە ـە cc cv _v | مرەد_ەوە cc c_ cv | مردۆوە | مر ە دۆە وە | cc cv cv |

ئاوا پێشتر ئاماژە درا، گوتنی دەنگە\|پیتە تەواو بزوێنەکان بەبێ هاتنی دەنگێکی\|پیتێکی نەبزوێن ئەستەم هەیە و ناچار دەبێت پیتێکی نەبزوێن لەپێشی ئەوان بێت. لە باری ڕێنۆسی کۆنی زمانی سۆرانی لەنێو ئەو واژانە پیتی ئە (ە) تەنیا دەمێنێتەوە؛ ئەگەر لە سەرەتای بڕگەکە پیتێکی نەبزوێن نەیێت، ناچار لە پێشی وەستانێک\|بۆشاییەک درۆستدەبێت و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، گوتنی (ە) بە (ئە) دەسەپێت : ( کرەدووە ئە ، برەدووەئە ، کوشەتووەئە ، چووەئە ، مرەدووەئە)، هەر ئاوایش بە قرتاندنی (وو) گوتنی بڕگەی پێشین لەنگ بێت و وەستانێکی بۆشایی ئاسا درۆست دەبێت : کرەد_ەوە ، برەد_ەوە ، کوشەتـ_ەوە ، چـ_ەوە ، مرەد_ەوە).

زمانزان و زماننا سە سۆرانەکان لەجیاتی ئەوەی لەم سەردەمی دیجیتاڵیزە بۆنەی زمان، ئەو پیتە (وو) نادرۆستە و گرفت-درۆستکەرە بگۆڕن، کەچی گرفتەکە گەورەتر و سەختتر و نالۆجیکیتر دەکەنەوە و پیتی (وو) لادەبەن، کە پیکهاتەی بڕگەکان دەگۆڕێت؛ لەنێو هەندێک واژە بڕگەی یەکەم دەگۆڕێت بە بڕگەیەکی پێکهاتۆ لە سێ پیتی نەبزوێن یان بڕگەی دۆوەم دەگۆڕێت بە بڕگەیەکی پێکهاتۆ لە یەک پیتی نەبزوێن، کە لە هەر دۆ بارەکەدا هارمۆنیی گوتنی واژەکان تێکدەدات و وەستانێکی ناپەیوەست و ناپێویست درۆستدەکات. ماوکاتیش لەکاتی خوێندنەوە بە تەواوەتی دەنگی واژەکان دەگۆڕدرێت و دەبێت بە واژەیەکی تر، کە لەنێو زمانی قسەکردن بۆنی نییە، بەڵام پاش ماوەیەک بەردەوامیی هەڵەنۆسین، هەڵە خوێندنەوە (خوێندنەوەی هەڵەکە وەک خۆی) سەرهەڵدەدات و سەرەنجامیش هەڵە قسەکردن و وێران بۆن و سەخت بۆنی زمان ڕۆدەدات.

ئەوەش گرفتێکی تر درۆستدەکات، کە دەبێت بە هۆی شێوانی گشت ئەو واژانەی کە بە دەنگێکی|پیتێکی بزوێن (vcv) کۆتاییان هاتووە و دێت.
ئاوا کە دەبینین، وەک نمۆنەی واژە هۆرامییەکان پێکهاتەی بڕگەکان دەگۆڕێت و ئەوەش گرفتێکی تر درۆستدەکات، کە لەنێو زمانی هۆرامی چارەسەرکەی نۆسینی (ڤ) لەجیاتی (و) لەو جێیانەی کە پێش یان لە پاشی یەکێک لەم دەنگانە|پیتانە دێت ( ا : ئاڤی ، ڤ : دڤۆەکە ، وو : کەرووڤە، ێ : گێلێڤە ، ڽ : کوچڽڤ ). بەڵام هێشتا گرفتەکانی (وو) هەر دەمێنن، کە تاکە چارەسەری گۆڕینی پیتی (وو) بە (ۏ)، کە لەو بارەدا هاتنی پیتی (و) وەک پیتێکی نەبزوێن، لەنێو زمانی هۆرامی و زمانی سۆرانی هیچ گرفتێکی نۆسینیی درۆستناکات. هەڵبەتە ئەوەش بڵێم، کە گرفتەکانی (وو) گرفتی قسەکردن نین، بەڵکو گرفتی نۆسین هەن و هۆی درۆستبۆنیان نادرۆستیی هێماسازیی دەنگی (ئوو : وو) بۆوە و هەیە.

لە باری ئاسایی نۆسینی گشت دەنگەکانی ئەو واژانە [چ واژە هۆرامییەکان و چ واژە سۆرانییەکان] و هێماسازیکردنی ئەو دەنگە بە دۆ (وو)، کە دەنگی لە (و : وی) درێژتر و تیژتر هەیە، ناچار دەبێت سێ (ووو) و (وووو) پێکەوە بنۆسرێن، تاکو ئێمە بتوانین واژەکان بە درۆستیی و وەک خۆیان بخوێنینەوە و بڕگەکان و وەستانی نێوان بڕگەکان وەک خۆیان بڵێین و دەربخەین. لەبەر ئەوە هێماسازیکردنی ئەو دەنگە، کە دەنگی لە (وی) درێژتر و تیژتر هەیە، بە دۆ (وو) و هاتنی (و) ئاسایی پێش و پاشی سێ بارە و تەنانەت چوار بارەی هێمایەک (وووو) درۆستدەکات، لە خوێنەر سەردەشێوێنێت. کەچی زمانزانەکان لەجیاتی گۆڕینی هێماکە، ئەوان پیتی (وو) دەقرتێنن و سەرەنجام لە سێ (ووو) بەس یەک (و) دەمێنێتەوە. لە بارێکی ئاوا ناچار بڕگەبەندیی واژەکان دەگۆڕێت و بەدبەختییەکی تر درۆستدەکات و بەو جۆرە دەردەچێت؛ کە خوێندنەوە و گوتنیان دەگۆڕێت و بەس یەک دانە (و) دەخوێندرێتەوە. ئەوەیش گرفتی نەتوانینی گۆکردنی پیتە بزوێنکەی پاش خۆی درۆستدەکات.

هەڵبەتە بە پێچەوانەی پیتە تەواو بزوێنەکان [ ا ، ڤ ، ۆ ، ۏ=وو ، ە ، ێ ، ڽ ] پیتی ( و : وی) و (ی : یی ) لەبەر ئەوەی کە خۆیان بەگوێرەی جێگەکەیان لەنێو واژە، ڕۆڵیان لەنێوان بزوێن و نەبزوێن دەگۆڕێت، بەبێ بۆنی پیتێکی تر، دەتوانرێت هەم دەنگەکەیان و هەم ناوەکەیان [ وی، یی] بگوترێت.

کاتێک کە دەنگی (ئوو) نەنۆسرێت و نەگوترێت و بەس دەنگی (وی) بنۆسرێت؛ (ووو – وو = و). لە بارێکی ئاوا، بڕگە و دەنگی واژەکان دەگۆڕدرێن و ئاوا دەردەچن و دەگوترێن؛ نمۆنە لەنێو زمانی هۆرامی :

[دووڤای | دوووای = قسەکردن ، بڕیەی = بڕین]

دوووە | د-وو+وە – وو = د_ ہ وە : د : [نەبزوێن] ہ _ ہ و : [نەبزوێن] ہ ە : [بزوێن] c_ہcv *****

ب ہ ڕوو ہ وە = بڕ ہ _ ہ وە : = ب : [نەبزوێن] ہ ڕ : [نەبزوێن] ہ _ ہ و: [نەبزوێن] ہ ە : [بزوێن] = cc ہ cv

نمۆنە لەنێو زمانی سۆرانی :

[چوون ، بوون ]

چ ہ وو ہ وە - وو = چ ہ وە = چ : [نەبزوێن] ہ و : [نەبزوێن] ہ ە : [بزوێن] = c_ہcv

ب ہ وو ہ وە - وو = ب ہ وە = ب : [نەبزوێن] ہ و : [نەبزوێن] ہ ە : [بزوێن] = c_ہcv ******

لە بارێکی ئاوا، چارەسەرێک زیاتر بۆنی نییە:

گەڕاندنەوەی نۆسینی دەنگی (وو) لەنێو نۆسین، بەڵام لەتەک گۆڕینی هێماکەی|پیتەکەی. ئەگەر نا، سەرەنجامی قرتاندنی دەنگی (و) لە سەدەی پێشین و قرتاندنی دەنگی (وو) لە دۆ دەیەی ڕابوردۆ و ئێستە، یەک بەرەنجامیان هەیە و دەبێت، کە تێکدان و گۆڕین و سەرخت کردنی گوتنی واژەکان دەردەچێت.

مەڵبەتە بێجگە لە تێکدانی کردارەکان لەنێو (زمانی سۆرانی)یش وەک زمانی هۆرامی، ئەو  تاک-ناوانەی کە بە (وو) کۆتاییان دێت و دەکرێن بە کۆ-ناوی نەناسراو، پێش پاشگری (ان) ناچار بۆ توانینی گۆکردنی (ا) لە سەرەتای بڕگە بۆن و نۆسینی  (و : وی )  پێویستدەبێت، بەتایبەت ئەو ناوانەی، کە لە قەدی چاوگی کردار درۆستدەکرێن:

دانیشتوو cvc cvc cv – دانیشتووان cvc cvc cv cvc، مردوو cv cv – مردووان cv cv cvc ، دەرچوو cvc cv –

دەرچووان cvc cv cvc، ...تد

دانیشتۆ – دانیشتۆوان ، مردۆ – مردۆوان ، دەرچۆ – دەرچۆوان، ...تد

لەبەر ئەو  هۆ و گرفتانە باشتر ئەوە هەیە، کە بۆ ئەو  دەنگە [وو]، پیتێکی یەک پارچەی وەک (ۆ) دابنرێت، کە هەم لەتەک هێمای واوەکانی تر نزیکایەتیی هەیە و هەم بۆ ئاسان و زۆ جێگرتنی لەنێو ئاوەزی فێرخوازان و نۆسەران دەگونجێت. بەگوێرەی ڕێزبەندیی و جۆری واوەکان : بۆ واوی کورت (و)، بۆ دەنگی (بۆرە)ی تایبەت بە زمانی هۆرامی و کەڵهوڕی و لەکی (ۆ)، بۆ واوی  درێژ| جۆت واو (ۆ)، کە لەنێو زمانی هۆرامی و سۆرانی و ...تد هەیە. ئاوا کە نمۆنەکانی  لای سەرەوە نیشان درا، ئەم هێما (ۆ) هەم گرفتی دۆ بەشیی پیتەکە چارەسەردەکات و هەم گرفتی لەتکردن و قرتاندنی دەنگ نامێنێت و هەم وەک پتێکی تەواو بزوێنی جیاواز لە پیتی (و) بەبێ گرفت لەپاڵ پیتی (و) دەنۆسرێت، کە پیتی (و) بەگوێرەی جێگەی لەنێو بڕگە و واژە، ڕۆڵی دەگۆڕێت و پیتێکی بزوێن و نەبزوێن هەیە.

---------------------------------------------------------------------

پەراوێز:

(گرفتی : کۆ-ناوی نەناسراو) لەنێو زمانی سۆرانی (کۆ-ناوی نەناسراو) نییەنە، (ناوەکە) یان بە (تاک-ناوی نەناسراو)، یان بە (کۆ-ناوی ناسراو) دەنۆسرێت : گرفتی پیتو | گرفتی پیتی | گرفتەکانی پیتی ...تد

* بەداخەوە تاکو ئێستەیش ناوی زمانی هۆرامی ( هۆرامی ) لەتەک ناوی خەڵکی ناوچەی هۆرامان [ هۆرامی ، هۆرامەکان] تێکەڵ دەکرێت و وەک یەک بەکاردەربردرێن. ئەوە  مەڵە هەیە و هەم نامەکان دەشێوێنێت:

زمانی فارسی – فارسان – فارسەکان؛ زمانی عەرەبی – عەرەبان - عەرەبەکان؛ زمانی ئینگلیزی – ئینگلیزان – ئینگلیزەکان؛ زمانی هیندی – هیندان – هیندەکان؛ زمانی هۆڵەندی – هۆڵەندان – هۆڵەندەکان؛ زمانی زۆلۆیی – زۆلۆیان – زۆلۆییەکان؛ زمانی هۆرامی – هۆرام_ان [هۆرامی] - هۆرامەکان. لەنێو بابەتێکی تر لەو بارەوە بە تەسەلیی ڕۆشنکردنەوە هەیە و بە زۆیی بڵاودەکرێتەوە.

** من لێرەدا زۆر ئامانجدارانە دەستەواژەی (زمانی سۆرانی) بەکاردەبەم، چۆنکە بە بۆچۆنی من یەک "زمانی کوردیی" بۆنی نییە، کە (دمڵی و کورمانجی و سۆرانی و هۆرامی و کەڵهوڕی و لەکی) دیالێکتی ئەو  زمانە بن . بەڵکو کۆمەڵێک زمانی کوردیی هەن، ڕستەبەندیی و ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار و کردارە بنەڕەتییەکانی ئەوان هاوبەش هەن و ئەوەش گشتیان دەکات بە خێزانێکی زمانیی، نەک دیالێکتی یەک "زمانی کوردیی"، کە قسەکەرانیان بەبێ  فێربۆنی ئامانجدارانە لە یەکتری تێناگەن و نازانن وەک یەکتری قسە بکەن.

*** بە بۆچۆنی زۆربەی زمانزانەکان، لەنێو زمانە کوردییەکان زۆربەی واژەکان، هاتنی دۆ پیتی نەبزوێن لەنێو بڕگەیەک بەتایبەت لە سەرەتای واژە ( ملۆ، منیەو، مژنەۋۆ، مڎرۆ، مسانۆ.، مشیو.، بڕۆم، دڕیم، کڕی، بڕنەو، .... تد) لە بنەڕەتدا دەنگی ژێرە|کەسرە لەنێوان پیتی یەکەم و دوەمی سەرەتای واژە|بڕگە ( مڵۆ، مِنیەو، مِژنەۋۆ، مِڎرۆ، مِسانۆ.، مِشیو.، بِڕۆم، دِڕیم، کِڕی، بِڕنەو، .... تد) هەبۆوە و بەگوێرەی تێپەڕینی

کات و سوْوان و گۆڕانی زمان لەژێر کارایی ڕێنۆسی زمانی داگیرکەران ئەو دەنگە (دەنگی ژێرە| کەسرە : ۑ) لەنێوچۆوە، بەڵام ئەگەر ئێستەش بە هەستەوەریی دەنگ-ناسانە گوتنی واژەکان ببیستین، هێشتا شوێنەواری گوتنی ئەو دەنگە ماوە و پێویستدەکات بنۆسرێت، تەنانەت ئەگەر فەوتابێتیش، چۆنکە بە خوێندنەوەی نۆسینی زمانەکانی ئێمە هارمۆنی دەبەخشێت ( مۑلۆ، مۑنیەو، مۑژنەۋۆ، مۑڎرۆ، مۑسانۆ.، مۑشیەکێک.، . تد). هەڵبەتە مەرج نییە، وەک خۆی بخوێندرێتەوە و لە خۆمان زۆر بکەین. بەڵام کاتێک بە ڕێنۆسی لاتینیی بنۆسین، زیاتر و زەقتر گرفتی نەنۆسینی دەبینین ( mlẅ, mnyew, mẑneẏẅ, mḋrẅ, msanẅ., mŝyü)، کە پێویستدەکات، ئاوا بنۆسرێن ( mıٖlẅ, mıٖnyew, mıٖẑneẏẅ, mıٖḋrẅ, mıٖsanẅ, mıٖŝyü)

**** نمۆنە ڕۆژنامەی (ژیان)، ئاوا کە دەردەکەوێت، ئەم پیتە بزوێنانە ( وو، ۆ ، ە، ێ ) لەنێو ڕێنۆسی ئەو سەردەمە نەبۆن


سال ـ ٣ ژماره ـ ١٠٢ (ژیان) لاپره ـ ١

ژیان

بو همو شتیك

بو هموو شتیك

: به ناوی اداره‌خانه‌وه

§

خانه : له بنای بلدیه‌دایه

ران : سلیمانی ژیان

یکی به انه‌یکه

کریار

به شش مانك سه

سالیك شش روپیه‌دەدا

بو دره‌وه بدل ابونه

حوت روپه و نیوه

٦ مانك کمتر ابونه قید ناکری

اعلانات

دیریك ٦ انه ده‌سینریت

یکی به انه‌یکه

همو شتیك انوسی هفته‌ی جاریك درده‌چی غزته‌یکی کوردیه

نشار ٢١ کانون ثانی ٩٢٦ ( پینجشه ) ٢٥ شعبان ١٣٤٦ ١٦ شباط ١٩٢٨

***** من (پیتی دەنگۆدەر | پیتی دەنگۆدەری) وەک ماوواتای چەمکی (vowel letters) و (پیتی دەنگکپ | پیتی دەنگکپی) وەک ماوواتای چەمکی (consonant letters) بەکاردەبەم. بە بۆچۆنی من، پیتە کۆنسۆنانتەکان consonants "بیدەنگی | گیرمەن" نین و پیتە بزوێنەکان vowels " دەنگداری| گیرنیەن" نین؛ وەک چەمکێکی زمانەوانیی هەر دۆ ناونانەکان نادرۆست مەن. مەر ئاوا یەکاویەک وەرگێڕانی چەمکە لاتاین و یۆنانییە کۆنەکانی بواری زانست و ڕامیاریی و ئابۆریی و زمان و ..تد بۆ زمانەکانی تر، لەوانە زمانی هۆرامی، گونجاو و واتابەخش نییە و نابێت. من خۆم ساڵی ٢٠٠٨ لە بارەی نادرۆستیی و نالۆجیکیی "پیتە دەنگداری و بیدەنگی" نۆسیومە و کۆشاوم چەمکی درۆستتر و گونجیاتر و نزیکتر لە چەمکە لاتاینییەکان بدۆزمەوە، سەرەتا ماوەیەک "دەنگدرێژ و دەنگکوڵ" بەرکاردەبردن، بەڵام ئەو ناونانانە لەتەک گرفتی دەسەبەندیکردنی پیتە بزوێنەکان vowels بە دەنگ درێژ و دەنگ بەرز و دەنگ نزم و دەنگ کورت ڕۆبەڕۆبۆمەوە و سەرلێشێوانی تری درۆستدەکردن، لەبەر ئەوە، گونجاوترین (دەنگۆدەر | دەنگۆدەری ، دەنگکپ | دەنگکپی) هەیە.

لەو بارەوە، لەم ساڵانەی دوایی کەسانی تر تێکۆشاون، تاکو چەمکی تری هۆرامی داتاشن؛ بۆ نمۆنە "گیرمەن و گیرنیەن"، کە پێش هەموو شتێک، بە هیچ شێوەیەک ئەوانە فۆڕمی چەمکی زمانەوانیی نین و زیاتر شەرحی ۋاژە مەن، تاکو چەمک و ناوی یەکگرتۆ و واتابەخش. "گیر|مەن و گیر|نیەن" وەک لێکدانەوە و شەرحکردنی (گیج مەن و گیج نیەن، گبل مەن و گبل نیەن، گۆج مەن و گۆج نیەن، بەڕ مەن و بەڕ نیەن، ...تد) هیچ کات وەک واژەیەکی یەکگرتۆ و چەمکێک گۆناکرێن و هەردەم وەک دۆ واژە بەر گوێ دەکەون؛ ئاوەڵناو + کردار؛ کردارەکە شەرح-دەکات (ئەرێنی و نەرێنی) بۆنی ئاوەڵناوەکە نیشاندەدات.

****** ( ْ ) : سکون : هێما بۆ وەستانی نێوان بڕگەکانی واژە.